KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-8-2007 13:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەرمەزارو پرۆتستۆ کردنی کردەوە تیرۆریستیەکەی دەڤەری شەنگال**

بەنیگەرانیەکی زۆرەوە هەواڵی ئەو کردەوە چەپەڵ و دوورلە شوناسی ئاکاری مرۆڤایەتی و ئەوکارەساتەمان زانی کە دەرهەق بەرۆڵەکانی گەلەکەمان وبرا ئێزیدیەکانمان لە (گر عوزێر) و (سیبا شێخ خدری) دەڤەری شارۆچکەی (شەنگال) پێگەیشت، کە لەهەموو بنەماو بەهاکانی ژیان دوورە و بەئامانجی شێواندن و پاڵەپەستۆ خستنە سەر هاولاتیانی ناوچەکەو ئەو دەڤەرانەی کەهەوڵی گێرانەوەیان بۆ دەدری لەرێگەی مادەی 140ی دەستووری عێراقی فیدرال بۆ چۆل کردنیان، ئەمەش پیلانێکە لەکاری نەگریسی دوژمنانی گەلەکەمان بۆ زەوت کردنی خاك و زیدی باب و باپیرانمان بەپشت بەستن بە مەرامە گلاوەکانیان بۆ دەست تێوەردان لەکاروباری وولاتەکەمان و هێنانە کایەی بارێکی نائارامی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا.
ئێمە بەو پەری ڕق و کینەوە شەرمەزاری ئەو کارە چەپەڵە دەکەین و پەیمان دەدەین کە خوێنی شەهیدان بەفیرۆ نەڕوا و هیوای چاك بوونەوەش بۆ تەواوی برینداره‌کان دەخوازین.
ڕوو ڕەش بن تیرۆرستان و دوژمنانی گەلەکەمان.

کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوسترالیا

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان
- حزبی شیوعی کوردستان – عێراق
- حزبی دیموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان – ئێران

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.